# مۆزارت
# ژیانی پڕ لە چەرمەسەری و داهێنان

عومەر عەلی شەریف

هونەرمەندی بلیمەت و ناودار (ڤۆلفگانگ ئەمادۆس مۆزارت) یەکێکە لە مامۆستا پێشەنگ و پایە بڵندەکانی مێژووی مۆسیقای جیهانی، کە رۆڵەکانی نەتەوەکەی (نەتەوەی ئەڵمانیزمان) و گشت شەیدایانی مۆسیقای کلاسیکی رەسەن لە سەرتاسەری جیهاندا شانازیی پێوە دەکەن و، بەرێز و ستایشەوە ناوی دەهێنن و یادی دەکەنەوە و، بە تاسە وە گوێبیستی بەرهەمە شاکارەکانی دەبن و بەرز دەیاننرخێنن.



موزارت

ناوی پرشنگداری مۆزارت بە وێنەی ناوی هونەرمەند و مۆسیقازانی هاورەگەزی خۆی (لۆدڤیک بیتهۆڤن) ی داهێنەر و مەزن (خەڵکی وڵاتی ئەڵمانیا) لەسەرووی لیستی زێرینی هونەرمەندە ناودارەکانی دونیای مۆسیقای

کلاسیک دێت، کە جگە لەم دوو مامۆستا هەڵکەوتوو و پایەدارە ژمارەیەکی تر لە ناوە دیارەکانی بواری ئەو هونەرە دەگرێتە خۆ، نموونەی: باخ، شۆبان، چایکۆڤسکی، ڤاگنەر..... هتد.

مۆزارت میوزیکژەن و ئاواز دانەر و مۆسیقازانێکی داهێنەر بێوێنەی سەردەمی خۆی بوو، لە بواری ئۆپێرا و کۆنسێرت و سیمفۆنیا و سۆناتا و شێوە مۆسیقییەکانی دیکەدا مانندە و شێوە نەبووە.

شار کارە ڕەسەن و دڵڕفێنەکانی ئەم هونەرمەندە هزر بەرین و دەست و پەنجە زێرینە تا ڕۆژی ئەمڕۆیان لە زۆر شوێنەکانی سەر ڕووی زەویدا بە بایەخەوە پێشکەشی جەماوەر دەکرێن و لە نێو هۆڵە ناسراوەکانی شارە مەزن و پێشکەوتووەکاندا شوێنێکی شایستە پڕ دەکەنەوە و بەرنامەکان دەرازێننەوە.

مۆزارت ڕۆژی ٢٧ ی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٧٥٦ لەشاری (سالزبۆرگ) ی وڵاتی نەمسادا، لە ئامێزی خێزانێکی میوزیکپەروەردا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە نیشانەی بلیمەتی و بەهرەمەندیی مۆسیقیی پێوە دیار بووە. ئەمەش هەر زوو مایەی سەرنج و بایەخی باوکە مۆسیقازانەکەی (لیۆپۆلد مۆزارت) بووە کە خواستوویەتی گەشە بەهرە و توانای پێشوەختی ساواکەی بدات و، لەو پێناوەدا زۆر بە وردی چاودێری ئەو بەهرە سەیر و دەگمەنەی کوڕەکەی کردووە.

مۆزارت لە تەمەنی سێ ساڵیدا بە وێنەی مامۆستایەکی بە توان و بە ئەزموون بە پەنجە ناسک و بچووکەکانی پیانۆکەی ماڵی خۆیانی دەژەند و مێشک و دڵ و دەروونی بیسەرانی دەهێنایە جۆش و خرۆش، لە تەمەنی پێنج ساڵیشدا دەیتوانی زۆر وەستاکارانە ئامێری کەمانچە بژەنێت و ئاواز و مۆسیقاش دابنێت.

دەڵێن: نۆتە مۆسیقییەکانی سەردەمی منداڵیی مۆزارت هێندە پوخت و ڕێک و پێک بوون کە لە ڕەشنووسەکانیاندا هیچ هەڵە و کەلێن و ڕەشکردنەوە و گۆڕینێکی وەهایان تێدا بەدی نەدەکرا، شایەنی ئاماژە و تێبینی بێت. ئەمەش واقیعێک بووە تەنانەت نەیار و ناحەزەکانی مۆزارتیش دانیان پێداناوە و نەیانتوانیوە نکوولّی لێ بکەن!

بە ڕاستی باوکی مۆزارت هیچ ناهەقی نەبووە لەمەڕ هونەر و توانای دەگمەنی کوڕە ساواکەی، ڕۆژێک ڕابگەیەنێت و بڵێت: ئەوەی ڤۆلفگانگ لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەیزانی، تەنها و تەنها لە پیاوێکی تەمەن چل ساڵدا پێشبینم دەکرد!

جا چونکە ئەو باوکە دەیویست ئەوپەڕی سوودی مادی لە بەهرە و توانا مۆسیقییەکانی

مۆزارت و (ماریا ئانا) ی خوشکە گەورەی وەرگرێت، ئەو لەو ڕۆژگارانە و، لەم کۆشک بۆ ئەو کۆشک، لەم وڵات بۆ ئەو وڵات ئەو دوو منداڵەی لەگەڵ خۆیدا دەگەڕاند و مۆسیقای پێ دەژەنین و پارە و پووڵی پێ پەیدا دەکردن.

بەو شێوە مۆزارت لە نێوان ساڵانی (١٧٦٢-١٧٦٦) دا چالاکی و بەرنامەکانی خۆی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا وەک: ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، هۆڵەندە، سویسرە.... هتد نمایش کرد. بەو شێوە بلیمەتی و شارەزایی ئەم منداڵە سەیر و عەنتیکەیە لە بواری میوزیکدا زۆر بە خێرایی پەرەیان سەند و دەنگیان دایەوە و، هەوادار و گوێگرێکی زۆری لەنێو خەڵکدا، بە دەوڵەمەند و هەژارەوە، پەیدا کرد.

مۆزارت لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لە شاری لەندەن، سێ سیمفۆنیای خۆی داڕشت و هەر لەوێ میوزیکژەنی بە توانا (یۆهان کریستیان باخ) ی کوڕی دانەری مۆسیقای مەزن (یۆهان سباستیان باخ) ی ناسی.

سەبارەت بە گەشتە بەردەوامەکانی مۆزارتی ساوا بە یاوەری باوکی بۆ وڵاتانی ئەوروپا، هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە، گوایە تەماحکاری و هەلپەرستی و زیادەڕەوی ئەو باوکە وایان لێ کردووە ڕەچاوی توانا جەستەییەکانی کوڕە منداڵەکەی نەکات و لەو تەمەنەدا زۆر بە شارەکانی ئەوروپایدا بگێڕێت، بە ڕادەیەک کە نەتوانێت (واتە مۆزارت) بەرگەی ماندووبوون و شەکەتی گشت ئەو سەفەرانە بگرێت. ئەمەش سەرئەنجام کاریگەریی خراپی لەسەر تەندروستیی بەجێ هێشتووە و بووەتە هۆی فەوتاندنی لە تەمەنێکی کورتدا!

مۆزارت لە ساڵی ١٧٦٧ دا بە مەبەستی پێشکەش کردنی هونەرەکەی چەند جارێک لە (سالزبۆرگ) هوە چووەتە (ڤیەننا) و لەوێ بە هۆی ئاواز و دانراوە نوێکانی و توانا سەیرەکانی لە ژەنینی مۆسیقادا و شیرینکارییەکانییەوە، ئامادەبووانی سەرسام و حەیران کردووە. نەخاسمە کاتێک بە چاو بەستراوی، یان بە پشتکردن لە ئامێری پیانۆکە یاخود بە دانیشتن لەژێریدا، یانیش لە حاڵەتی یاریکردندا، مۆسیقای دەژەنی!

هەمیسان مۆزارت لە تەمەنی منداڵییدا، چووەتە نێو جیهانی ئۆپێراوە، لە تەمەنی یازدە ساڵیدا لەسەر تەختەی شانۆیەک لە شانۆکانی سالزبۆرگ (شاری دایک) نمایشکردنی یەکەمین بەرهەمی ئۆپێرای خۆی بینیوە. ئیدی لەو کاتە بەدواوە هونەری ئۆپێرا بەشێکی گرنگ و بەرچاو لە ژیانی مۆزارت پڕ دەکاتەوە و، شانبەشانی سیمفۆنییەکانی و بەرهەمە مۆسیقییە دڵڕفێنەکانی دیکەی، شۆرەت و ناوبانگێکی زیاتری پێ دەبەخشن.

ساڵی ١٧٦٩ مۆزارت بە شێوەی (گرێبەند) لە کۆشکی میرنشینی (سالزبۆرگ) دا دەستی کردۆتە ژەنینی مۆسیقا بۆ بنەماڵەی فەرمانڕوایی ئەو شوێنە. وەلێ، بە هۆی قەدر نەزانینی هونەرەکەی و تێنەگەیشتن لەو هونەرە مەزنە لەوێندەر، هەمیشە لە ناخەوە هەستی بە بێزاری و نارەزایی دەکرد.



لە ماوەی (١٧٦٩-١٧٧٢) دا مۆزارت سێ جار چووەتە وڵاتی ئیتاڵیا، مەڵبەندی ڕەسەنی ئۆپێرا، لەوێ لە شارە جیا جیاکانی ئەو وڵاتەدا بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کردووە و، بە گەرمی پێشوازیی لێ کراوە و ڕێز و حورمەتێکی زۆری لێ گیراوە. ئەوەش هەلی بۆ ڕەخسان (گرووپی ئۆپێرا) لە ئیتاڵیادا بناسێت و درێژە بە چالاکی و بەرنامەکانی خۆی لەو وڵاتەدا بدات.

بە گشتی ئەو کاتانەی لە ئیتاڵیادا بەسەری بردن، کارێکی گەورەیان کردە سەر هزر و هەستی مۆزارت و، بەو هۆیەوە هۆش و دیدی لە ئاستی ژیان و هونەردا دەوڵەمەندتر و والاتر بوون.

مۆزارت تاکو ساڵی ١٧٧٧ بە نا بەدڵی لە دەرباری سالزبۆرگدا کاری دەکرد و، لەوێ بە هۆی بەهرە بێهاوتاکەی و کارە گەورە و پڕ لە داهێنانەکانییەوە، ببووە مایەی وروژاندنی هەستی بێزاری و بێتاقەتی و ئیرەیی (بادەرباریان) ی مۆسیقاژەنی کەمتوانای ئەو سەردەمە و کەسانی تر کە بە گشت

تواناییەکیانەوە دژایەتی و ڕقە بەرایەتی ئەو گەنجە خوێنگەرم و بلیمەتەیان دەکرد.

ئەگەر چی مۆزارت لەو ماوەیەدا، بە هۆی لێوەشاوەیی و توانای بێ هاوتایەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کار و چالاکییە مۆسیقییەکانی دەرباری میرنشینی سالزبۆرگ ی پێ سپێردرابوو، بەڵام بە هۆی تێنەگەیشتن لە هونەرەکەی و قەدر نەزانینی، وەک ئاماژەمان بۆ کرد، هەمیسان بە هۆی کەمی مووچەکەی و خراپی باری ژیانی ڕۆژانەی و ململانێی لەگەڵ (بادەرباریان) دا ئەوە بە تەواوی ژیانی لێ تاڵ و ناخۆش بوو بوو. بۆیە خۆی و باوکی ناچار بوون (ساڵی ١٧٧٧) بیر لە سەفەرێکی تر بۆ ئەوروپا بکەنەوە و سالزبۆرگ بەجێبهێڵن.

مۆزارت و باوکی یەکەمجار چوونە ئەڵمانیا و بە چەند شوێن و شارێکی ئەو وڵاتەدا گەڕان وەک، میونیخ (موینشن) و مانهایم)، لەوێ مۆزارت چەندین بەرنامەی گرنگی خۆی پێشکەش کرد.

دواتر مۆزارت گەیشتە (پاریس) و لەو شارەدا سیمفۆنیای (٣١) ی دانا کە بە سیمفۆنیای (پاریس) ناسراوە. وەلێ، زۆری نەخایاند بە هۆی کۆچی دوایی دایکییەوە (ساڵی ١٧٧٨) زەبرێکی گەورە بە مۆزارت گەیشت و لە ناخەوە هەژاندی و خۆشیی سەفەرەکەی بۆ ئەو شارە جوانە لێ تێکدا.

ئەوجا گەڕایەوە بۆ سالزبۆرگ و لە بارەگاکەی جارانی بە ناچاری دەستی بەکار کردەوە. هاوکات مۆسیقای لە کڵێساکان و شوێنەکانی تردا دەژەند. بەڵام وەک خوویان پێوە گرتبوو ئەشراف و خانەدان و دەوڵەمەندەکانی سالزبۆرگ نەیاندەتوانی دەرک بەو بەهرە مەزنە بکەن و ڕێزی شایستەی لێ بگرن، ئەمەش وای لە مۆزارت کردبوو قەڵس و نیگەران بێت و چاوی لەوە بێت وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت و لێی دوور کەوێتەوە.

ساڵی ١٧٨٠ لەشاری میونیخ (موینشن) ی ئەڵمانییەوە داوا لە مۆزارت کرا سیمفۆنیایەک دابنێت و لە ئۆرکسترایەکدا لەوێندەر پێشکەشی خوازیارانی بکات. بۆیە هەر زوو گەیشتە ئەو شارە و، لە ماوەیەکی کورتدا توانیی سیمفۆنیا بەناو بانگەکەی (ئایدۆمین) دابڕێژێت و نمایشی بکات و، تێیدا بەهای بڵند و مەزنی هونەرەکەی بخاتە ڕوو.

پاشان بە خولیا و ئاوات و ورەیەکی بەرزەوە هاتەوە سالزبۆرگ و، زۆری نەخایاند لە دەربارد‌ا سەرلەنوێ کەوتەوە نێو گێژاوی ململانێ و ڕقەبەرایەتی و هەڵسوکەوتی چەوتی ناحەزەکانی، تا ناچار کرا بە یەکجارەکی دەست لەکار بکێشێتەوە.

مۆزارت بە لەدەستدانی کارەکەی لە کۆشکی میرنشینی سالزبۆرگدا، لەجیاتی ئەوەی هەست

بە نیگەرانی بکات، کەچی هەستی بە خۆشحاڵی و سەرفرازی دەکرد. چونکە ئەو ئازار و مەینەتییەکی زۆری لە دەربار‌دا بە دەست ڕقەبەرەکانییەوە چەشتبوو، وێڕای ڕفتار و هەڵوێستی ناپەسەندی شازادە گەوجەکانی کۆشک کە قەدری ڕاستەقینەی بەهرە و هونەرەکەیان نەدەزانی و، بە وێنەی خزمەتگوزارێکی دەربار نەک هونەرمەندێکی مەزن تەماشایان دەکرد. بەو شێوە مۆزارت ی هونەر پەروەر و خاوەنی عیزەتی نەفس و شەیدای سەربەستی و ئازادی بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە سالزبۆرگ کرد و، بەرەو ڤیەننا کەوتە ڕێ. دوای نیشتەجێبوونی مۆزارت لەو شارەدا، پەیوەندیی بە (گرووپی ئۆرکیستەرای ڤیەننا) وە کرد و جێی خۆی تێدا کردەوە. کەچی لەوێیش بەهۆی نەیار و ناحەزانێکی نەفام و کۆنە پەرستەوە کە پێیان نەدەکرا هزر و دیدی تازەی مۆزارت قبووڵ بکەن، هەر زوو لەسەر کار لابرا. ئەوجا دوای ماوەیەک لە تەنگژەی بژێوی و ناڕەحەتی دەروونی، مۆزارت شتێکی دیکەی بۆ خۆی دۆزییەوە و دەستی دایە گوتنەوەی وانە و فێرکردنی فێرخوازانی مۆسیقا لەو شارەدا.

هاوکات لەو سەردەمەدا مۆزارت ئۆپێرای (ڕفاندن لە حەرەم سەرا) دای دانا، کە هەر زوو سەرکەوتنێکی مەزنی تۆمار کرد و لە گشت شوێنێکدا دەنگی دایەوە.

ساڵی ١٧٨٢ مۆزارت لەلایەن گرووپی مۆسیقای ڤیەننای ناوبراوەوە، بۆ کارکردن لەگەڵیاندا، بانگهێشت کرایەوە. ئەویش لە چەند کار و چالاکییەکدا هاوکاریی کردن و، بەهۆی ئەو مووچەی پێیان دەدا توانیی هەندێک ئارامی وەدەستبهێنێت.

هەرچەندە مۆزارت بە گوێرەی پێداویستی کار و ژیانی مۆسیقای بۆ دەوڵەمەند و خانەدانەکان دەژنی، وەلێ لە پاڵ ئەوانیشدا بەردەوام خەریکی ژەنینی مۆسیقا بوو بۆ چین و توێژە ئاسایی و هەژارەکانی خەڵک کە لە دڵەوە خۆشی دەویستن و، حەزی بە تێکەڵاوی و ئاشنایەتیی ئەوان دەکرد نەک چینی ئەشراف و دەوڵەمەندەکان.

پاش ئەوەی مۆزارت هەستی بە هەندێک ئارامی و ئاسوودەیی لە ڤیەننادا کرد و، باری ژیانی تا ڕادەیەک بەرەو باشی گۆڕا، وازی لە ژیانی سەڵتی هێنا و لەگەڵ خاتوو (کۆنستانس میبر) ژیانی هاوسەرێتییان پێکەوەنا. ناوبراو ئافرەتێکی ئاسایی و سادە بوو و، زۆر حەزی لە خۆشگوزەرانی و کەیف و خۆشی ژیان دەکرد.

ئیدی مۆزارت و هاوسەرەکەی پێکفە لە ماڵێکی قەرەباڵغ و میواندار‌دا ژیانێکی ساکاریان بردە سەر، پاشانیش بوونە خاوەنی دوو منداڵ.

بەهەر حاڵ دوا ساڵانی تەمەنی مۆزارت لە ڤیەننادا، ساڵانێکی پڕ کۆشش و بەخشش و

داهێنانی هونەریی مەزن بوون کە لە میانەیاندا توانیی زۆرترین و نایابترین شاکارەکانی خۆی بهێنێتە بەرهەم و پێشکەشیان بکات. بێگومان ساڵی ١٧٨٧ کە تێیدا مۆزارت زۆربەی کاتەکانی خۆی لە شاری (پراگ) دا دەبردە سەر، یەکێک بووە لە ماڵە دیارەکانی ئەو قۆناغە بە پیت و پڕ بەرهەمە.

مۆزارت لە ساڵی ١٧٨٩ یشدا، بۆ زیاتر وەدەستهێنانی پێداویستیی ژیان، سەردانی ئەڵمانیای کردۆتەوە و، لە چەند شارێکی ئەو وڵاتەدا چەندان بەرنامەی هەمەجۆری پێشکەش کردووە. وەلێ، لەگەڵ گشت ئەو سەروەری و سەرکەوتن و داهێنانە بەرزانە کە مۆزارت وەدەستی هێنان و، بە هۆیانەوە گەیشتە لووتکەی ناوداری، کەچی ئەو زۆربەی کات هەستی بە بێزاری و بێئۆقرەیی و نائارامی دەکرد.

هەروەها بە هۆی ئەوەی مرۆڤێکی دەستبڵاو بووە گوێی بە ماڵی دونیا نەداوە وەک دەڵێن، ئەوە هەمیشە پارە بەشی نەکردووە و بەدەسکورتی ژیانی بەسەر بردووە، تا ئەو کاتەی لە پاش نەخۆشییەکی چەند ڕۆژی و تووشبوون بە تایەکی سەخت شەوی ٥ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٩١ لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە مەراسیمێکی سادەدا لە ڤیەننادا بەخاک سپێردرا.

مۆزارت لە پاش خۆی گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و بەهاداری لە بەرهەمە هەمەڕەنگ و مەزنەکانی بۆ جیهان بەجێهێشت کە بەگشتی بریتین لە ٥٦ سیمفۆنیا، ٢١ کۆنسێرتی پیانۆ، ١٩ سۆناتای پیانۆ و گەلێک ئۆپێرا و بەرهەمی تر.

ئەمە وێڕای بەرهەمی (رکیۆم) کە بە نیوەچڵی لە پاش مردنی مایەوە و، دوایی یەکێک لە قوتابییەکانی توانی تەواوی بکات. جا ئەگەر ئەم بەرهەمە زۆرانە بەردەوام بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر ڕۆژانە بژەنرێن، ئەوە ئاتاژیان بە یەک مانگی تەواو دەبێت تاوەکو تێکڕا پێشکەش بکرێن.

مۆزارت لە ماوەی ژیانی کورت و پڕ لە داهێنانیدا، جیا لە گشت مامۆستایانی میوزیک و مۆسیقاژەن و ئاواز دانەرەکانی سەردەمی خۆی، تێکڕا ڕەنگ و شێوە مۆسیقییەکانی ئەو سەردەمەی وەک: سۆناتای پیانۆ، چوارینەژێ، ئۆپێرا، مینۆج، سیمفۆنیا... زۆر بە چاکی زانیوە و، بە ئەوپەڕی لێهاتوویی و بەهرەمەندی پێشکەشی کردوون. هەمیسان بە شێوەیەکی پراکتیکانە کۆنسێرتی پیانۆی داهێنا و واتا و چەمکێکی قووڵ و نوێی بە سیمفۆنیا بەخشی.

یەکەم بەرهەمی مۆسیقی مۆزارت بەناوی (چوار سۆناتا بۆ کلاوسن) بووە. سەبارەت بە

شاکارەکانیشی لە بواری ئۆپێرا و سیمفۆنیادا، جگە لەوانەی ئامـاژەمـان بۆ کـردن، ئامـاژە دەکەین بە ئۆپێراکانی، زەماوەندی فیگارۆ، دۆن جوان، کوزی فان توتە، بلوێری جادوویی... و، سیمفۆنیاکانی: ٣٨ (سیمفۆنیای بەنێو پراگ کە لەشاری پراگ ئەنجام دراوە)، ٣٩ و ٤٠ و ٤١ کە هەر سیانیان (ساڵی ١٧٨٧) لە ماوەی سێ هەفتەدا دانراون. ئۆپێرای (بلوێری جادوویی) کە شاکارێکی نازداری مۆزارتە و لە دوا ساڵی تەمەنیدا (١٧٩١) وە بەرهەمی هێناوە و، بابەتەکەی ئەفسانەیی (خیاڵی) یە، کۆمەڵێک دیمەنی جوان و پارچە مۆسیقا ئاوازی قەشەنگ دەگرێتە خۆ، داهێنانێکی هونەری مەزنمان بەرچاو دەکەوێت کە تاکو ئێستا چەندین باس و لێتوێژینەوەی لەسەر کراوە و، لەلایەن زانایانی مۆسیقاوە بەرز نرخێنراوە، لەوانە: هیلموت پیرل کە ئەم بەرهەمە بە پەیامێکی بایەخداری دوا سەردەمی قۆناغی (ڕۆشنگەری) لە قەڵەم دەدات و، جەخت لەسەر مانا و هێما بەرزەکانی دەکات.

سەرچاوەکان:


- کتێبی **Araber fur Deutsch** بەرگی ٢، ساڵی ٩٥٨ قاهیرە گۆڤاری **Spie- Der gel** (دێر شبیگل) ی ئەڵمانی ژمارە ٤٠ ساڵی ٢٠٠٠.
- کتێبی (دائرە المعارف) خوسرەو جاف بەرگی١/ هەولێر ساڵی ١٩٨٩
- گۆڤاری گزنگ ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٥.
- هەفتانەی کوردستان ڕاپۆرت، بابەتێک لە نووسینی: سەمیرە حسێن ژمارە ٢٦٩ ساڵی ٢٠٠٧.
- هەفتانەی کوردستان ڕاپۆرت، بابەتێک لە نووسینی: سارا عەلی ژمارە/ نییە.